

# هەست و جوانی

باران
حەمە عەزیز

نامەوێت بە سادەو سانایی هەروا لە شیعر بدوێم و بە ساکارییەوە ئاماژە بە دنیاو پلەوپایەی شاعیری بدەم، بەڵکو دەمەوێت باس لەوە بکەم، چۆن و بە چ شێوەیەك توانیم لە سەرەتاوە شیعر بکەم بە ڕێبازی ژیان و خۆم لە لقەکانی تری ئەدەب جوداکردەوە.

سەبارەت بە شاعیر، لە منداڵییەوە ئاست و جێگەیەکی تایبەتی هەبووە لەلام و لەهۆش و هەستمدا سەنگێکی گرانی بۆ خۆی قۆرخکردووە.. هەرئەمەش وایکردووە بڵێم: شاعیر، داهێنەرو ئەندازیاری بیری وردو وشەی ڕەنگینە، کە کۆشك و سابات و خانووبەرەی شیعری جوانمان، لە کەرەستەی سۆزی بەپێزو دەربڕینی وێنەی جوان بۆ دەهێنێتە بەرهەم.

بەم پێودانە لە مەزەندەی ڕێچکەی ئەدەبی خۆمداو لەڕوانگەی خولیای حەزمەوە، سەبارەت بەجیهانی شیعر، ئەمەم کرد بە دروشم کە: نابێت کارم خۆخەریککردن بێت بەجوینەوەو لاساییکردنەوەی دێرو دەقی شیعری کەسانی تر.

کە لێرەدا بێباغری لە خۆمدا، لاساییکردنەوەو جوینەوە، بەکارێکی ناپەسەندو نەشیاو دەدەمەقەڵەم.. چونکە هیچ ڕەسەنایەتییەك لە شێوەو شێوازی شاعیری ئەو کەسەدا ناهێنێتەگۆڕێ.. بگرە بەپێچەوانەی وەرچەرخاندن و تازەگەری لە شیعردا، چەواشەکردنی ڕێبازی شاعیری و لیخنکردنی سەرچاوەی بەهەشتی شیعرە.

بۆیە هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی من بە شیعر، ئۆباڵی ئەم تێبینیانەم خستە ئەستۆی هەنگاوەکانم و پتر پێشبینیم کرد، بەڵام گومانم لەوەدا نییەو

ژمارە 3
کانونی دووەم 2017

نکوڵیم لەو ڕاستییە نەکردووە، کە نوسین و بەرهەمی شیعری خەڵکی تر، کاریان تێکردبم، بەجۆرێك کە ڕەنگدانەوەی نوسین و دەنگدانەوەی ئاوازی شیعرەکانیان، بەهرەیەکی تایبەتی خواکردانەیان بە دەروونم بەخشیبێت... بەجۆرێك ئەگەر شیعر بووبێت، هەر ئەوەندەم توانیوە بیانڕازێنمەوەو پێنج خشتەکیان لەسەر دابنێم، کە ئەمەش وەك دیاردەیەکی شاعیری بە سەرەتای تەمەنی شیعری منەوە دیارە... ئەگەر نوسینیش بووبێت هەر ئەوەندەم بۆ لواوە بیانخەمە چوارچێوەی هەست و هەموو کەلێن و کونجێکی بیرکردنەوەی خۆمیان پێ دەوڵەمەند بکەم.

بەڵام وێڕای ئەمانەش، هەرگیز درێغی لەوە ناکەم، ڕێبازی مرۆڤایەتی گەلەکەم هەتا بێت ڕەگی قوڵتر دەبێت و بەکرۆکی گیانمدا شۆڕدەبێتەوەو پەلدەهاوێت... کە ئەمەش کاریگەرییەکی هێجگار باڵادەست و مەزنی هەیە، بۆ پوختەکردنی گەوهەری شیعر، لەدەریای هەست و جیهانە بەرینەکەی ڕەچاوی شیعرمدا..

لەمەوە ئەم خۆشەویستییە وەك فێرکارێك ڕێنماییکردم، کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان هیچ مرۆڤێکدا نەبێت! ئەو گەردو تۆزەش کە لەکایەدایە، بەگەردو گوڵێکی ئاسۆی ڕووناکبیری دەچێت بە ئاسماندا..

هەروەها توانیشم لەژێر زەبری پابەندیم بە وشەی پاراو و ڕەسەنی کوردی، ئەو هەوێن و دەربڕینانەی، کە مۆرکیان بە سیمای شیعرەکانمەوەیە، پتر بیانڕازێنمەوەو ڕەوڕەوەی داڕشتنیان بەرەوپێشەوە ببەم.. بە چەشنێك ئەو شیعرانەی کە چەند ساڵێك لەمەوپێش هۆنیومەتەوە، جیاوازیان تیادا بەدیدەکرێت لەڕووی دەربڕین و ناوەڕۆکەوە لەگەڵ ئەو شیعرانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا لەدایکبوون..

کە ئەمەش بێ داشکاندن بەلای خۆمدا ئەزموونێکی باشەو بۆ داهاتووی ئاستی شاعیریم هیوای باشتریشی تیادا ڕەچاودەکەم.. هەتا بتوانم وەك کەسێك لەکۆمەڵەکەمدا خزمەت بکەم و کرێکارێك بم لەو کارگەیەدا، کە بیری نوێ و نەوەی نوێ دێنێتە بەرهەم.

# هەست و جوانی

ئـەی بـەهـاری وەرزی ژیـنـم کـوا شـنـەی پـەیوەستی گیانی
کوا شـەپـۆلـی پڕ لە بەستەی ناو گـەرووی ئاهەنگی جوانی

کـوای وەرە تـوێشـووی پـەیـامـی ڕەوتـی پیـرۆزی ژیـانـم
کـوای فـریشـتـەی بـەهـرەبەخشی ناو بەهەشتی شیعرەکانم

بـۆچـی نـایـەی خـۆری بـەرزی دەم کـەل و لـوتـکـەی نزارم
کـوێـی کەژو کێو پڕ لە دەنـگ کەی پێ بەپێی شمشاڵی زارم

بـۆچـی نایـەی وەک شـەماڵ بڕژێیتە تـوێـی دەشتی دەروون
تــا بـخــەمـڵــێ لالــەزاری عــەشــقــی پـاک و ڕوون

دەی وەرە نـەک زەبـری دووریـت وەردی نازدارم بکـێڵـێ
میـهـرەبـانـی سـۆزو تـاسـەی تـۆم بـەجـارێ تیـا نـەهـێڵـێ

چـونـکـە باڵـنـدەی تـەریـو و لانـەوازی تـۆ پـەرسـتـم
تـا بـمـێـنم بـۆ گـوڵـی تـۆ شـیـعری جوانی هەڵئەبەستم

1985



# حەمە عەزیز
# شاعیرێکی ئەفرێنەر

-حەمە عەزیز، یەکێك لە شاعیرە نوێخوازەکانی دەیەی هەشتاکانی باشوری کوردستانەو خاوەنی دەیان هۆنراوەی جوانە چ شیعری چ مۆدێلی سەرواو چ شیعری ئازادو لە هەردوو فۆرمەکانی نوسینی شیعری ئەو چەمکی هیومانیستی ومرۆڤایەتی لەسەرەوەی ئەفراندنەکانی ئەون.
- خۆی وەکو ئینسانێکی مبارز و کۆمۆنیست و شۆڕشگێر. لەسالآنی هەشتاکاندا و دواتر لە دەیەی نەوەدەکان، چەند شیعری گۆرانی و چەند دەقی شۆڕشگێرانەی بۆ تێکۆشەرانی سیاسی و کۆمۆنیست نوسی و خۆیشی لە دیوانی "چاوی شیعرەوە" دەڵێت "بۆ داهاتووی ئاستی شیعریم، هەتا بتوانم وەکو کەسێك لە کۆمەڵەکەمدا خزمەت بکەم و کرێکارێك بم لەو کارگەیەدا، کە بیری نوێ و نەوەی نوێ دێنێتە بەرهەم" ئەم شیعرەی خوارەوە" لە چاوی شیعرەوە " کە ناوی دیوانەکەشیەتی یەکێك لەو شیعرانەیەی کە نەجمەی غولامی کردوویەتی بە گۆرانی"

دووەم